سەندیکای ئەندازیارانی عێراق: کوژرانی ئەندازیار بەشیر خالید بە دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بە سەر کەرامەتی مرۆڤ

سەندیکای ئەندازیارانی عێراق ئەمڕۆ دووشەممە لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی کوشتنی ئەو ئەندازیارەی کرد و ڕایگەیاند "کوژرانی ئەندازیار بەشیر خالید، بە دەستدرێژییەکی ئاشکرا بە سەر کەرامەتی مرۆڤ و پێشێلکردنی ئاشکرای بەها مرۆییەکانە."

سەندیکاکە، لە بەیاننامەیەکدا دووپاتی کردەوە، دەستبەرداری بەرگریی لە مافەکانی ئەو ئەندازیارە نابن بە ئاشکراکردنی ڕاستی تەواو و لێپرسینەوە لە هەموو ئەو کەسانەی لێم تاوانە تەوەگلاون.

سەندیکاکە ئاماژەی بەوەش کردووە "مردنی ئەندازیار بەشیر خالید، بەهۆی ئەشکەنجەوە بووە لە زیندان لەلایەن بەرپرسەکانەوە، ئەوەش دەستدرێژییە بە سەر کەرامەتی تاکی عێراق لەلایەن ئەو بەرپرسانەوە و دەبێت هەموو ئەوانەی تەوەگلاوەن بدرێن بە یاسا و سزای خێیان وەرگرن."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە؛ سەندیکای ئەندازیارانی عێراق بە بە دوودەی درێغی ناکات لە بەرگریکردن لە مافەکانی ئەندازیار بەشیر، هەروەها هەوە دەدات بە ئاشکراکردنی ڕاستیی تەواو و

لێپرسینەوە لە هەموو ئەو کەسانەی دەستیان لێم تاوانبار هەیە، بەبێ گوێدانە کاریگەری و هێزوستەکانیان." ئاماژەی بۆش کردووە "کەرامەت و دادپەروەری دروشمی بەتاڵ نین، بەڵکو بنەمایەکی پتەون کە سەندیکا بە هەموو هێزەکییەوە پێویان پابەندە."

ڕوونیشی کردەوە، سەندیکا بەوای بە لێدوان و بیانناما و میدیاییەکان نییە، کە هەوڵی پەردەپۆشکردنی بەرپرسانی ئەو تاوانە دەدەن، درێغیش ناکات تا چارنووسی هەموو ئەو بەرپرسانە لەو تاوانە لە پشت مێزی دادگاوە دەبینێت.

ئاماژە بۆش کراوە "سەندیکای ئەندازیارانی عێراقی داوا لە هەموو لایەنە پێیوەندیدارەکان دەکات، پەکەوە بوەستن بە پاراستنی شکۆی ئەو هاووڵاتییە عێراقییە و دەنیابن لەوەی ئەو جۆرە پشێلکارییە دووبارە نابێتەوە."

هەروەها سەندیکا بەدەنگ نابێت، بەڵکو هەموو هەنگاوێکی یاسایی و پیشەیی دەگرێتەبەر بە بەرگریی لە مافەکانی ئەندازیار بەشیر و دەستبەرکردنی دادپەروەری بە خێزانەکەی و تەواوی کەمەگەی ئەندازیاری.

ڕاشیگەیاند "دادپەروەری داواکاری نییە؛ پێویستییەکە بە یەکپارچەیی دامەزراوەکان، سەندیکای ئەندازیارانی عێراقیش وەک دەنگێکی بەهێز دەمێنێتەوە دژی نادادپەروەری و ستەمکاری، بە توندی بەرگریی لە ماف و کەرامەتی ئەندازیاران دەکات."